# هەڵسەنگاندنێك بۆ پیسبوونی بینین لە بازاڕی سەنتەری شاری سلێمانی

**م. پشتیوان غریب غفور، م. بشری قادر كريم [1]**

[1] زانكۆی سلێمانی، كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی زانستە كۆمەڵایەتییەكان

pshtiwan.ghafur@univsul.edu.iq, bushra.kareem@univsul.edu.iq

**الملخص**

هذا البحث تقيم لمدى التلوث البصـــري في ســـوق مركز المدينة، قد بحث في مصـــادر التلوث البصـــري و تأثيراته السـلبية، هذا البحث بحث وصـفي-تحليلي، قد اسـتخدم فيه المنهج الكيفي من اجل الوصـول الى المقاصـد المحددة.تم اجراء استبيان و شارك ٣٠٠ مشارك. مصادر و أنواع التلوث البصري في منطقة البحث هيالقمامة بنسبة ١٠٠٪، اللافتات و المكتوبات على الجدران بنســـبة ٧١٪، و كبلات الكهرباتو أبراج الهواتف المحمولة٦٢٪، و أجهزة المعلقة على واجهة البنايات٤٢٪، و البنايات القديمة و غير متكملة، و الخرائط والواجهات المختلفةبنســـبة ٤١٪، و تقديم خدمات مختلفة و خاصـة بجانب بعضـهم بعضـا٣٨٪، و اشـراف غير الضـروري فى الاضـواءبنسـبة٣١٪، و وسـائل نقل ٢٥٪. هذا التلوث يتسـبب بمشـاكل نفسـية و الجسـديه مثل القلق، الضـغط النفسـي، الغضـب، مع ازديات في امراض الجسـدية بسـبة مثل القرحة ، ضـغط الدم، السـكري، قولون، الصـعوبة في التنفس.يمكن علاج التلوث البصـري عن طريق وضـع القوانين و ارشـــادات متعلقة بمجالات الاعلام و تنظيم الطرق و تطبقهن، و اصـــطلاح الاجزاء التي طرأ عليها التغير و اعادة بناء واجهة البنايت و جميع قمامة المدن بشكل علمي.

**Abstract**

In this research, an assessment of visual pollution was carried out in the Sulaimani city center bazaar. Visual pollution sources and their negative effects were realized. This research is a descriptive – analytical research that qualitative method was used to obtain the proposed objectives. A questionnaire was conducted and 300 participants participated. Sources and types of visual pollution in study area are waste 100%, billboards and writing on walls 71%, wire, cable and mobile tower 62%, tools on buildings' facades 42%, old and uncompleted building with different designs and facades 41%, having various services with different characteristics, transportation vehicles and their parking systems 31% and excessive light use 25%. This pollution can cause psychological and body problems such as anxiety, stress and psychological pressure. Body diseases including high blood pressure, heartbeat, diabetes, colon, shortness of breath, stomach injury and eyes sore. Visual pollution can be solved by determine laws and regulations regarding advertisement and traffic and enforced them properly. Reconstruction and recovery of facades and changed parts of buildings. Collecting waste and dumping materials in cities and solve them scientifically.

**١. پێشەکی**

لە جیهانی ئەمڕۆدا، دانیشتوان ڕووبەڕووی سەرچاوە جیاوازەکانی پیسبوونی ژینگە دەبنەوە، لەنێویاندا پیسبوونی ژینگەی بینین.لەم چەند دەیەی دوایدا گەشەی شارەکان چەند هێندە بووە، وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ فرەچەشنی ئەرکی شارەکان لە بوارە جیاوازەکان و بەڕێوەبردنێکی باشتری خودی شارەکان. لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، گەشە وجوڵەی ئابووری و گەشەی شار هاوشانی بوارە جیاوازەکانی دیکە دەبن. پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە دانیشتوان بەبێ بوونی پلانێکی باش لە شارەکاندا، دەبێتە هۆی تێکچوونی ژینگەی بینینی شارەکان. بۆ نموونە، دانانی تابلۆ و بۆردی ڕیکلامی شوێنە بازرگانییەکان بەهۆی نەبوونی یاسای توند، دەبنە هۆی بەخشینی دیمەنی نەشیاو. هەروەها پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی دیکە بەبێ بوونی بەڕێوەبردنێکی باش، دەبێتە هۆی فڕێدانی خۆڵ و خاشاك، بوونی وایەری زۆر، زیادەڕەوی و بوونی ژێرخانێکی خراپی ڕێگاوبان و ڕووخانی بینا مێژووییەکان...هتد١.

پیسبوونی بینین بریتیە لە کۆی ئەو پێکهاتە نارێکخراوانەی کە بەهۆی چالاکییەکانی مرۆڤەوە گۆڕاون و ناسەرنجڕاکێشن، هۆکارن بۆ کاریگەردانان لەسەر توانای مرۆڤ لە چێژ بینین لە دیمەنە جوانەکان٢.یان دەکرێت پێناسە بکرێت بە بوونی نارێکخراوی ڕەنگ، شێوە، ڕووناکی، ماددە، کەڵەکەبوونی ڕەگەزی بینراوی ناهاوچەشن، نەشیاو و ناسەرنجڕاکێش، دروستکراوی مرۆڤ لە شارەکان بە جۆرێك کە ببنە هۆی ڕێگری لە چێژ بینین لە دیمەنەکان٣.

پێچەوانەی جۆرەکانی دیکەی پیسبوونی وەك هەوا، ئاو و پیسبوون بە ژاوەژاو و ...هتد، توێژینەوە لە پیسبوونی بینین لە شارەکاندا کەمتر ئەنجامدراوە. بەهۆی ئەوەی توێژینەوەی کەمتر لەسەر ئەم جۆرەی پیسبوون ئەنجامدراوە، باوەڕوایە کە کاریگەری نەرێنی کەمترە بەبەراورد بە جۆرەکانی دیکەی پیسبوون. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت هەڵسەنگاندنێك بۆ پیسبوونی بینین لە بازاڕی شاری سلێمانی بکرێت و کاریگەرییە نەرێنییەکانی بخرێتەڕوو.

**کێشەی توێژینەوە**

ئایا سروشت و ژینگەی بازاڕی شاری سلێمانی هۆکاربووە بۆ بوونی سەرچاوە جیاوازەکانی پیسبوونی بینین لە ناوچەکەدا، ئەگەر هۆکار بووە چ هۆکارێک زۆرترین کاریگەری هەبووە لەسەر پیسبووونی بینین؟ پلەی کاریگەرییەکەی چەندە؟

**گریمانەی توێژینەوە**

سەرچاوەکانی پیسبوونی بینین لە بازاڕی شاری سلێمانی لە ئەنجامی بەردەوامی پێدانی مۆڵەت لەلایەن شارەوانی و دەسەڵاتی خۆجیی شارەکەوە سەرچاوەیان گرتووە، یان جێبەجێنەکردنی یاسا و پێویستی ناوچەکە هۆکاربووە بۆ

---

1 .( Wakil, Khydija, Malik AsgharNaeem, Ghulam Abbas Anjum, Abdul Waheed, Muhammad JamaluddinThaheem, and Raheel Nawaz."A Hybrid Tool for Visual Pollution Assessment in Urban Environments." *Sustainability* 11 (8), 2019, P.1).

2 . (Jana, Milan Kumar, and Tanaya De. "Visual pollution can have a deep degrading effect on urban and suburban community: a study in few places of bengal, India, with special reference to unorganized billboards." *European Scientific Journal*, 2015, P.1).

3 . (Nami, Parisa, ParvinJahanbakhsh, and ArefeFathalipour. "The Role and Heterogeneity of Visual Pollution on the Quality of Urban Landscape Using GIS; Case Study: Historical Garden in City of Maraqeh." *Open Journal of Geology* 6 (1), 2016, P.22).

بوونی سەرچاوە جیاوازەکانی پیسبوونی بینین لە ناوچەکەدا، بە تایبەت بوونی خۆڵ و خاشاک کە زۆرترین کاریگەری هەبووە لەسەر پیسبوونی بینین.

**ئامانجی توێژینەوە**

دیاریکردنی هۆکارەکانی سەرچاوەی پیسبوونی بینین لە بازاڕی شاری سلێمانی و دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارەی زۆرترین کاریگەری هەیە، لەگەڵ خستنەڕووی ئەو کاریگەرییە نەرێنییانەی لە پیسبوونی بینین دەکەوێتەوە.

**گرنگی توێژینەوە**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە سەرچاوەکانی پیسبوونی بینین و کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو پیسبوونە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەخاتەروو. دەگمەنی توێژینەوە لەم بوارەدا و نەبوونی بە زمانی کوردی لە ناوچەی لێلۆڵینەوە، گرنگی توێژینەوەکە زیاتر دەکات.

**٢. توێژینەوەکانی پێشوو**

زوبەیدی لە ساڵی ٢٠١٦، توێژینەوەیەکی لەسەر پیسبوونی بینین لە ناوچەی بازرگانی شاری کوت ئەنجامداوە، گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە جیاوازی ڕووکاری بیناکان، هۆکارەکانی ڕیکلام و پەیڕەونەکردنی بنەماکانی دیزاینی گونجاو لە ڕێگاوبانەکان هۆکاری پیسبوونی بینین لە شارەکەدا. لە توێژینەوەکەدا ئەوەی خستۆتەڕوو کە کاربەدەستانی شارەکە پێویستە کاری پێویست بگرنەبەر بۆ ڕێکخستنەوە و باشترکردنی شێوەی ناوچەی بازرگانی شارەکە. دەکرێت لەڕێی دانانی یاسا و ڕێنمای پەیوەست بە بوارە جیاوازەکانی ڕیکلام و ڕێکخستنی ڕێگاوبانەکان و جێبەجێکردنیان کێشەکە چارەسەر ببێت٤.

لێکۆڵینەوە لە ناوچەی کۆنی شارەکان، بەشێکی دیکەی ئەو توێژینەوانەن کە لەسەر پیسبوونی بینین ئەنجامدراون. سیڤێتکۆڤس و پیترۆناڤیجیڤ لێکۆڵینەوەیان لەسەر بەشی کۆنی شاری نیش وەك سێیەم گەورەترین شاری سربیا کردووە لەساڵی ٢٠١٨. توێژەران بەو دەرئەنجامە گەیشتوون کە لە ئەنجامی دەستکاریکردنی بەشی کۆنی شارەکە و هەڵواسینی تابلۆ و بۆردی ڕیکلام، ڕووکاری بەشی کۆنی شارەکە گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە و بۆتە هۆی شێواندنی پاشخانە مێژووییەکەی. لەڕێی چاککردنەوەی بەشە گۆڕاوەکان و و دووبارە بنیاتنانەوەی ڕووکاری بیناکان، دەکرێت ڕێ لە ونبوونی ناسنامەی شارەکە بگیرێت وەك شارێکی مێژوویی٥.

لێکۆڵینەوە لە شەقامی بازرگانی بەشی کۆنی شاری موسڵ یەکێکی دیکەیە لە توێژینەوەکان لەلایەن قادیرەوە لە ساڵی ٢٠١٧ ئەنجامدراوە. نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست و چاکنەکردنەوەی بیناکان لەلایەن کاربەدەستانی شارەکە و ڕووخاندنی بەشێکی بیناکانی ناوچەکە هۆکاری پیسبوونی ژینگەی بینینی ناوچەکەن. بنیاتنانی بینای نوێی بەرز لەسەر شێوازی تازە، بۆتە هۆی شاردنەوەی بینا کۆنەکان و پێدانی شێوەیەکەی نەگونجاو بەو بەشەی شارەکە٦.

---

٤. (صبيح لفته فرحان الزبيدي،التلوث البصري في المشهد الحضري التجاري تحليل بصري لمحاور منتخبة في مدينة الكوت،مجلة واسط للعلوم الهندسية، ٤ (١)،٢٠١٦، ص١).

5. (Cvetković, Mila, and A. Momčilović-Petronijević."Visual Pollution Of The Historical City Core–A Case Study, The City of Niš." In *Conference Proceedings, 6th International Conference–Contemporary Achievements in Civil Engineering, Subotica, Serbia*. 2018, P.495).

6 . (Kadir, Jangy Jalal. "Deformation and visual pollution in the commercial streets of the old city of Mosul." *Eurasian Journal of Science & Engineering* 3,(1) 2017, P. 44).

یەڵماز و ساگسۆز هەڵسەنگاندنێکیان بۆ پیسبوونی بینین لە شاری تەرابزۆن وەک شارێکی مێژوویی کەنار دەریا لەڕووی شێوە و بەرزی بیناکانەوە کردووە. گەشەی خێرا و بێ پلان هۆکاربووە بۆ پیسبوونی بینین لە شارەکەدا، بەجۆرێك بینا نوێکان بەشێك نین لە ژینگە و مێژووی شارەکە و جێیان نەگرتووە لە زەینی دانیشتوانی شارەکەدا٧.

### ٣. میتۆدی لێکۆڵینەوە

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفی – شیکارییە، میتۆدی چۆنییەتی تێدا بەکارهێنراوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان.چەمك و جۆرەکانی پیسبوونی بینین لەسەر بنەمای توێژینەوەکانی پێشوو لە بوارەکەدا خراونەتەڕوو. جۆرەکانی پیسبوونی بینینلە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بەپێی سەرچاوەکانیان، سروشتی ژینگەی مرۆیی و بە پشت بەست بە توێژینەوە و پۆلێنە زانستییەکان٨پۆلێنکراون بۆ:

- خۆڵ و خاشاك
- تابلۆ و نوسینی سەر دیوار (پۆستەر و تابلۆی شوێنە بازرگانیەکان و هێماکانی هاتوچۆ)
- وایەر و کێبڵی کارەبا و بورجی مۆبایل
- ئامێری هەڵواسراوی ڕووکاری بیناکان (سەحنی سەتەلایت، ئالیەری تەلەفیزیۆن و سپلیت)
- بینای کۆن و بینای تەواونەکراوو دیزاین و ڕووکاری جیاواز
- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تایبەتمەند جیاواز بە تەنیشت یەکەوە
- هۆکارەکانی گواستنەوە و پارککردنیان
- بەکارهێنانیڕووناکی زیاد لە پێویست

هەڵسەنگاندن بۆ جۆرەکانی پیسبوونی بینین لەسەر بنەمای شێوە، بەرزی، ڕەنگ، ڕووکار و بڕی ڕووناکی بەکارهێنراو کراوە، وێنەی جۆرە جیاوازەکانی پیسبوونی بینین لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا گیراوە.ڕاپرسی ئەنجامدراوە و ٣٠٠ کەس لە هەردوو ڕەگەز و لە تەمەنە جیاوازەکاندا بیروبۆچوونیان دەربارەی پیسبوونی بینین لە ناوچەی لێکۆڵینەوە وەرگیراوە. ڕاپرسییەکە لە دوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم، پێنج پرسیاری لەخۆگرتووە، یەکەم تا سێیەم بریتین لە پێشتر زانیاریت دەربارەی پیسبوونی بینین هەبووە؟، باوەڕت وایە جۆرێك لە پیسبوون بەناوی پیسبوونی بینین هەیە؟، باوەڕت وایە ژینگەی دەوروبەرت پیسبوونی بینینی تێدا هەیە؟ بەشداربووان بە بەڵێ یان نەخێر وەڵامیانداوەتەوە (پاشکۆی ١)، پرسیاری چوارەم بریتیە لە کام لەم هۆکارانەی خوارەوە بە سەرچاوەی پیسبوونی بینین دەزانیت؟ بەشداربووان یەکێك یان زیاتر لە جۆرەکانی پیسبوونی بینینلە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بەپێی سەرچاوەکانیان هەڵبژاردووە کە پۆلێنکراون بۆ هەشت جۆری جیاواز لە سەرەوە، لە ئەنجامدا ڕیزبەندییان بە سەرچاوەکانی پیسبوونی بینین بەپێی پلەی کاریگەرییانداوە، پرسیاری پێنجەم بریتیە لە هەڵبژاردنی ئەو کاریگەرییە

7 . (Yilmaz, Demet, and AyseSagsöz. "In the context of visual pollution: effects to trabzon city center Silhoutte." *Asian Social Science* 7 (5), 2011,98).

8 . (Allahyari, Hadis, Saeedeh Nasehi, Esmail Salehi, and Lobat Zebardast."Evaluation of visual pollution in urban squares, using SWOT, AHP, and QSPM techniques (Case study: Tehran squares of Enghelab and Vanak)." Pollution 3, no. 4, 2017, p. 657)., (Kharate, Sunita, and Sudeepta Banerjee."A Study of Visual pollution and Its Effect on Mental Health." Innovation in IT 3, (1), 2016, p. 4769)., (Sagvan Ageed.,NajmadinE.Hassan and SalihF.Ismael. 'Repercussion of Visual Pollution and its Effects on Some People in Duhok Governorate/Iraq', International Journal of Current Advanced Research, 8(1), 2019, p. 16918 ).

نەرێنییانەی لە پیسبوونی بینین دەکەوێتەوە، هەڵبژاردنەکان بریتیبوون لە ا. کێشەی دەروونی وەك دڵەڕاوکێ و هەڵچوونی زۆر، هەڵسوکەوتی نەشیاو و فشاری دەروونی ب. نەخۆشییە جەستەییەکانی وەك بەرزبونەوەی فشاری خوێن و لێدانی دڵ، شەکرە، کۆلۆن و هەناسە توندی ج. کاریگەری نەبووە. تەوەری دووەم لە یەك پرسیار پێکهاتووە و بەشداربووان ئاستی کاریگەری پیسبوونی بینینلە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بەپێی سەرچاوەکانیان بۆ ئاستەکانی زۆر، تاڕادەیەك یان کەم دابەشکردووە لەڕێی سەیرکردنی ئەو وێنانەی کە لە توێژینەوەکەدا لە بەشی ئەنجام و گفتوگۆدا خراونەتەڕوو

**٤. ناوچەی لێکۆڵینەوە**

ناوچەی لێکۆڵینەوە بریتیە لە بازاڕی سەنتەری شاری سلێمانی،شاری سلێمانی سەنتەری پارێزگای سلێمانیە، ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە١٫٠١٤ کم[٢]، دەکەوێتە نێوان هێڵی درێژی ⁼٢٠ ⁻٢٦ °٤٥ - ⁼٤٤ ⁻٢٦ °٤٥ ی خۆرهەڵات و بازنەی پانی⁼١٤ ⁻٣٣ °٣٥و ⁼٢٠ ⁻٣٣ °٣٥ ی باکور (نەخشەی ١).شاری بازاڕ پێناسە دەکرێت بە شوێنی خستنەڕووی کەلوپەل و خزمەتگوزارییەکان[٩]. لەسەر بنەمای ئەم پێناسەیە، ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکهاتووە لە بازاڕی سەنتەری شاری سلێمانی، بەشی کۆنی شارەکەیە لەگەڵ ناوچەکانی دەوورووبەری بەشە کۆنەکەی بازاڕی شار، زیاتر خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی وەك نۆڕینگە و مەڵبەندە تەندروستییەکان و تاقیگە پزیشکییەکان دەگرێتەوە (نەخشەی ٢).

**٥. ئەنجام و گفتوگۆ**

٥.١. سەرچاوە و جۆرەکانی پیسبوونی بینین لە بازاڕی سەنتەری شاری سلێمانی

بە پشت بەستن بە ئەنجامی ڕاپرسی ئەنجامدراو و وێنەکانی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە گیراون، سەرچاوە و جۆرەکانی پیسبوونی بینین لە بازاڕی سەنتەری شاری سلێمانی جیاوازن. پەیوەست بە ئەنجامی ڕاپرسییەکە، لە وەڵامی پرسیارەکانی یەکەم تا سێیەمی تەوەری یەکەم بەم جۆرە بووە. لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا کە ئایا پێشتر زانیاریت دەربارەی پیسبوونی بینین هەبووە، ١٦٢ بەشداربوو وەڵامیان بەڵێ و ١٣٨ دیکەیان وەڵامیان نەخێر بووە کە دەکاتە لە %٥٤ و %٤٦ بەشداربووان بەدواییەکدا (پاشکۆی ١). لە وەڵامی پرسیاری دووەمدا کە باوەڕت وایەجۆرێك لە پیسبوون بەناوی پیسبوونی بینین هەیە، ٢٧٩ بەشداربوو وەڵامیان بەڵێ بووە کە دەکاتە %٩٣ کۆی بەشداربووان، لەبەرامبەردا ٢١ بەشداربوو کە %٧ کۆی بەشداربووان دەکات وەڵامیان نەخێر بووە. هەروەها لە وەڵامی پرسیاری سێیەمدا،%٩٦ بەشداربووان باوەڕیانوایە ژینگەی دەوروبەریان پیسبوونی بینینی تێدایە، ئەمە لە کاتێکدا تەنها %٤ بەشداربووان باوەڕیانبەبوونی پیسبوونی بینین نیە لە ژینگەیدەوروبەریان.

لە ئەنجامی وەڵامی پرسیاری چوارەمدا لەڕێی هەڵبژاردنی زیاد لە سەرچاوە و هۆکارێکی پیسبوونی بینین، بەشداربووان ڕیزبەندییان داوە بە سەرچاوە و جۆرەکانی پیسبوونی بینین لە بازاڕی سەنتەری شاری سلێمانی بەپێی پلەی کاریگەرییان. هەروەها لە ئەنجامی وەڵامی پرسیاری یەکەمی تەوەری دووەمدا، بەشداربووان ئاستی بەشداری

---


٩. (فريحة ليندة، دراسة السوق، الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جامعة ٠٨ ماي ١٩٤٥ _ قالمة ،كلية العلوم الاقتصادية و التجارية و علوم التسيير، قسم العلوم التجارية، ٢٠١٥، ص٦).



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034


هەریەکە لە سەرچاوە و جۆرەکانی پیسبوونی بینینیان دیاریکردووە،واتە بەشداربووان لەڕێی وەڵامەکانیانەوە بۆ پرسیاری چوارەمی تەوەری یەکەم و پرسیاری یەکەمی تەوەری دووەم جگە لە ڕیزبەندی، ئاستی بەشداری هەریەکە لە سەرچاوە و جۆرەکانی پیسبوونی بینین بە پلە دیاریکردووە. لەسەر بنەمای ئەو ڕیزبەندییەی بەشداربووان داوییانە بە سەرچاوە و جۆرەکانی پیسبوونی بینین، بە پشت بەستن بەو وێنانەی کە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە گیراون، پلەی کاریگەری سەرچاوە و جۆرەکانی پیسبوونی بینین بەڕیزبەندی لە زۆرەوە بۆ کەم بەم شێوەیەکی خوارەوەیە:

نەخشەی (١) ناوچەی لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستی شاری سلێمانی




سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەرێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری GIS.

نەخشەی(٢) سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری GIS.

٥.١.١. خۆڵ و خاشاك

مرۆڤ لەهەر شــوێنێك هەبێت، خۆڵ و خاشــاك لەو ناوچەیەدا بوونی دەبێت. بڕی خۆڵ و خاشــاك زۆر دەبێت بە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان، باشبوونی باری ئابووری و کەمی ئاستی ڕۆشنبیری ژینگەیی. ناوچەی لێکۆڵینەوە وەك ناوچەیەکی بازرگانی و خزمەتگوزاری قەرەباڵغ، بڕی خۆڵ و خاشــاکی ڕۆژانە تێیدا زۆرە. فڕێدانی خۆڵ و خاشــاك لەلایەن دوکاندار و چێشــتخانە و شــوێنە بازرگانیەکانەوە و کۆکردنەوەی لە چەند جێگەیەکی دیاریکراودا، بۆتە هۆی پیسبوونی بینین (وێنەی ١. ا، ج و د). شێوازی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاکەکە و جیاوازی قەبارە وشێوە و ڕەنگی ئەو ســەتڵی خۆڵانەی بەکاردەهێنرێن، بوونەتە هۆی زیادبوونی پلەی پیســبوونی بینین. هەروەها ئەو پاشــماوانەی لە ئەنجامی گۆڕینی ســتونی کارەبا، بۆری ئاو و ئاوەڕۆی ناوچەکەوە کەڵەکە دەبن، ســەرچاوەیەکی دیکەی پیســبوونی بینینن، کە هەندێکجار بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك تا چەند هەفتەیەك دەمێننەوە (وێنەی ١. ب).

پەیوەست بە ئەنجامی ڕاپرسییەکە،کۆی بەشداربووان خۆڵ و خاشاك بە سەرچاوەی پیسبوونی بینین دەزانن، بۆیە پلەی یەکەمی گرتووە وەك هۆکارێـك بۆ پیســبوونی بینین لە نـاوچەی لێکۆڵینەوەدا. دوای پیشــاندانی وێنەکانی ســەرچاوە جیاوازەکانی پیسـبوونی بینین لە ڕاپرسـییەکەدا لە پرسـیاری یەکەمی تەوەری دووەمدا، ٢٧٠ بەشـداربوو پێیانوایە پیسبوونی بینین بە خۆڵ و خاشاك لە ئاستێکی بەرزدایە، ٢١ بەشداربوو ئاستێکی مامناوەند و ٩ بەشداربوو ئاستێکی نزمیان دیاریکردووە، کە دەکاتە ٩٠%، ٧% و ٣% بۆ هەریەکە لە ئاستەکان بەدواییەکدا.

٥.١.٢. تابلۆ و نوسینی سەر دیوار

تابلۆ و نوسـینی سـەر دیوار یەکێکن لە سـەرچاوەکانی پیسبوونی بینین. تابلۆکان دابەشدەبن بۆ تابلۆی بازرگانی و هێماکـانی هـاتوچۆ و ئـاماژەکـان. تـابلۆ بـازرگـانییەکـان بۆ بـازاڕ گەرمکردنی کـاڵا و خزمەتگوزارییەکـان بەکـاردێن، هەندێکجار بەبێ ئەوەی پێویست بن لەو شوێنەدا. هێماکانی هاتوچۆ و ئاماژەکان بەکاردێن بۆ ڕێنوێنیکردنی شۆفێران و پیادەکان ١٠.بێ پلانی و ناڕێکخراوی بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بە تابلۆکان و نوسینی سەر دیوارەکانەوە دیارە، بەجۆرێك شــێوە، بەرزی، قەبارە و ڕەنگی جیاوازیان هەیە، ئەمە جگە لەوەی لە نوســینیاندا قەبارە و ڕەنگی جیاواز بەکارهاتووە تێیـاندا.ئەو بێ پلانی و نـاڕێکخراوییە زیـاتر لە تابلۆ بازرگانییەکاندا بەیدەکرێت (وێنەی ٢. ا، ب، ج) بە بەراورد بە تابلۆ و ئاماژەکانی هاتوچۆ(وێنەی ٢. د).

بەپێی ئەنجامی ڕاپرسـییەکەتابلۆ و نوسـینی سـەر دیوارەکان پلەی دووەمی گرتووە وەك هۆکارێك بۆ پیسـبوونی بینین لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا،٢١٣ بەشــداربوو کە دەکاتە ٧١% کۆی بەشــداربووان، تابلۆ و نوســینی ســەر دیوارەکان ســەرچاوەی پیســبوونی بینین دەزانن. دوای پیشــاندانی وێنەکانی ســەرچاوە جیاوازەکانی پیســبوونی بینین، ١٩٢ بەشــداربوو پێیانوایە پیســبوونی بینین بە تابلۆ و نوســینی ســەر دیوارەکان لە ئاســتێکی بەرزدایە، ٨١ بەشــداربوو ئاســتێکی مامناوەند و ٢٧ بەشـــداربوو ئاســـتێکی نزمیان دیاریکردووە، کە دەکاتە ٦٤%، ٢٧% و ٩% بۆ هەریەکە لە ئاستەکان بەدواییەکدا.

---

١٠. (أحمد جميل شامية، دراسة تحليلية للتلوث البصري فى مدينة غزة-حالة دراسية لمنطقة الجندى المجهول بغزة، رسالة ماجستير، هندسة المعمارية، الجامعة الاسلامية الغزة، ٢٠١٣، ص١٠٠).




وێنەی ١ : پیسبوون بەهۆی خۆڵ و خاشاك (کاری مەیدانی توێژەران لە ڕێکەوتی ٢/ ١١/ ٢٠١٩).

٣.١.٥. وایەر و کێبڵی کارەبا و بورجی مۆبایل

وایەر و کێبڵی کارەبا پێویستن بۆ گواستنەوەی تەزووی کارەبا لە سەرچاوەی بەرهەمهێنانیەوە بۆ شوێنی بەکارهێنانی. بەهۆی پشتبەستنی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە زیاد لە سەرچاوەیەکیبەرهەمهێنانیکارەبا، ئەمە وایکردووە کە وایەر و کێبڵی کارەبا زیاتر لە ناوچەکەدا بوونی هەبێت. سەنتەری شاری سلێمانی وەك هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستان، لەکاتی نەبوونی کارەبای نیشتیماندا، پشت بە مۆلیدە ئەهلییەکان دەبەسترێت بۆ دابینکردنی وزەی کارەبا. ئەمە وایکردووە وایەر و کێبڵی کارەبا سەرچاوەی پیسبوونی بینین بن لە بەشێك لە ناوچەکانی سەنتەری شاردا (وێنەی ٣. ب، ج و د). لەگەڵ بوونی وایەر و کێبڵی کارەبا، بورجەکانی کۆمپانیاکانی مۆبایل سەرچاوەیەکی دیکەی پیسبوونی بینینن (وێنەی ٣. ا). بەهۆی زیادبوونی خواست لەسەر هۆکارەکانی گواستنەوەی وەك تەلەفۆن و ئینتەرنێت، پێویستی بوونی ئەم بورجانە زیادیکردووە، کۆمپانیاکان بورجی زیاتریان لە ناوچەکەدا داناوە تا بتوانن خزمەتگوزاری باشتر پێشکەش بە هاوبەشەکانیان بکەن و لە بازاڕدا هاوشانی ڕکابەرەکانیان پێشبکەون.




وێنەی ٢ : پیسبوون بەهۆی تابلۆکان (کاری مەیدانی توێژەران لە ڕێکەوتی ٢/ ١١/ ٢٠١٩).

بوونی ژمارەیەکی زۆر لە وایەر و کێبڵی کارەبا و بورجی مۆبایللە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، وایکردووە پلەی سـێیەم هەبێت کە ١٨٦ بەشـداربوو کە دەکاتە٦٢%، لە کۆی ٣٠٠ بەشـداربوو وەك هۆکارێك بۆ پیسـبوونی بینین ناسـاندوویانە. هەروەها ٢٢٨ بەشــداربوو ٧٦%، پێیانوایە پیســبوونی بینین بە وایەر و کێبڵی کارەبا و بورجی مۆبایللە ئاســتێکی بەرزدایە، ٦٣ بەشــداربوو کە دەکاتە ٢١% ئاســتێکی مامناوەند و ٩ بەشــداربوو ٣کە دەکاتە %ئاســتێکی نزمیان دیاریکردووە.

٥. ١. ٤. ئامێری هەڵواسراوی ڕووکاری بیناکان

ئامێرە هەڵواسـراوەکانی ڕووکاری بیناکان، سـەرچاوەیەکی باوی پیسـبوونن لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا. لە وێنەی٤ دا دیارە، ئامێرە فێنککەرەوەکان و سـەحنی سـەتەلایت بە ژمارەیەکی بەرچاو بە ڕووکاری بیناکاندا هەڵواسـراون. جگە لە زۆری ژمارەیان، ناڕێکخراوی لە هەڵواسینیاندا، هۆکاری سەرباره بۆ زیادبوونی پیسبوونی بینین. بەسێوەیەکی گشتی، هۆکارن بۆ دروسـتبوونی جەنجاڵی و داپۆشـینی بەشـی زۆری ڕووکاری بیناکان و تێکدانی سـیمای بیناکان. بەپێی بیروبۆچوونی ١٢٦ بەشــداربوو کە دەکاتە ٤٢% کۆی بەشــداربووان، ئامێرە هەڵواســراوەکانی ڕووکاری بیناکان، سـەرچاوەیەکی چوارەمیپیسـبوونی بینینن لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا. لەڕووی دیاریکردنی پلەی پیسـبوونەکەوە، ٢٤٣ بەشداربوو پێیانوایە پیسبوونی بینین بە ئامێرە هەڵواسراوەکانی ڕووکاری بیناکان لە ئاستێکی بەرزدایە کە ٨١% کۆی بەشـداربووان دەکات، ٥١ بەشـداربوو ئاسـتێکی مامناوەندیان دیاریکردووە کە ١٧% کۆی بەشـداربووان دەکات و ٦ بەشداربوو ئاستێکی نزمیان دیاریکردووە کە ٢% کۆی بەشداربووان دەکات.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034




وێنەی ٣ : پیسبوون بەهۆی وایەر و کێبڵی کارەبا و بورجی مۆبایل(کاری مەیدانی توێژەران لە ڕێکەوتی ٢/ ١١/ ٢٠١٩).

٥.١.٥. بینای کۆن و بینای تەواونەکراو و دیزاین و ڕووکاری جیاواز

نیشتەجێبوونی مرۆڤ و دروستکردنی شوێنێك بۆ حەوانەوە و پشکەشکردنی خزمەتگوزارییە جیاوازەکان هۆکاربووە بۆ پشکەوتنی زانستی بیناسازی. دروستکردنی بینا بە ئەندازە و شێوازی جیاواز لە کاتی جیاوازدا، هۆکارە بۆ بوونی جیاوازی زۆر لە بیناکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا لە ڕووی قەبارە و ڕووکارەوە. زۆری جیاوازی لە بیاناکاندا پەیوەستە بە جیاوازی لە ڕووبەری زەوی بیناکان، جیاوازی باری دارایی خاوەن موڵك و ئارەزوومەندی لە هەڵبژاردنی شێواز و دیزاینی جیاواز. بوونی بینای کۆن و نوێ بەتەنیشت یەکەوە، یەکێکە لە سەرچاوەکانی پیسبوونی بینین لە ناوچەکەدا کە دەبێتە هۆی تێکدانی بینینی ئاسۆیی، بەهۆی بوونی جیاوازی بەرچاو لە بەرزی، شێوە و ئەندازەیاندا (وێنەی ٥. ا). بەشێك لە بیناکان نوێن و لە شێوە و ئەندازەوە لەیەك دەچن، بەڵام بەهۆی ڕووپۆشکردنی ڕووکاری بیناکان بە کەرەستەی جیاوازی وەك بەرد و کاشی، ئەلیکۆبۆن ... هتد و ڕەنگی جیاواز سەرچاوەیەکی




وێنەی ٤ : پیسبوون بەهۆی ئامێرە هەڵواسراوەکانی ڕووکاری بیناکان (کاری مەیدانی توێژەران لە ڕێکەوتی ٢/ ١١/ ٢٠١٩).

دیکەی پیسبوونی بینین لە ناوچەکەدا (وێنەی ٥. ب).لەگەڵ بوونی بینای کۆن و تەواونەکراوەکان دیمەنێکی نەشاز دەبەخشن و دەبنە هۆی پیسبوونی بینین (وێنەی ٥. ج و د).

بەپێی ئەنجامی ڕاپرسییەکە،بینا کۆنتەواونەکراوەکان و دیزاین و ڕووکار جیاوازەکان پلەی پێنجەمی گرتووە وەك هۆکارێك بۆ پیسبوونی بینین لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا. ١٢٣ بەشداربوو کە دەکاتە ٤١% کۆی بەشداربووان، بینا کۆنتەواونەکراوەکان و دیزاین و ڕووکار جیاوازەکان بە سەرچاوەی پیسبوونی بینین دەزانن، تەنها بە ڕێژەی ١% لەدوای ئامێرە هەڵواسراوەکانی ڕووکاری بیناکانەوە دێت کە بە ڕێژەی ٤٢% پلەی چوارەمی گرتووە. هەروەها ١٦٨ بەشداربوو پێیانوایە ئەم سەرچاوەیە لە ئاستێکی بەرزدا هۆکارە بۆ پیسبوونی بینین کە دەکاتە ٥٦% کۆی بەشداربووان، ٩٧ بەشداربوو ئاستێکی مامناوەند و ٣٥ بەشداربوو ئاستێکی نزمیان دیاریکردووە، کۆی ڕێژەی بەشداربووانی ئاستەکانی مامناوەند و نزمیان دیاریکردووەپێکەوە دەکاتە ٤٤%.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034




وێنەی ٥ : پیســـبوون بەهۆی بینای کۆن و بینای تەواونەکراو و دیزاین و ڕووکاری جیاواز (کاری مەیدانی توێژەران لە ڕێکەوتی ٢/ ١١/ ٢٠١٩).

٥.١.٦. پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تایبەتمەند جیاواز بە تەنیشت یەکەوە

زۆربوونی ژمارەی دانیشـتوان و گەورەبوونی شـارەکان، وایانکردووە داواکاری لەسـەر خزمەتگوزارییە جیاوازەکان لە شارەکاندا زیاتر بێت. هەریەکە لە خزمەتگوزارییە جیاوازەکان تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەمەش وادەکات پێویستی هەریەکە لە خزمەتگوزارییەکان جیاوازبێت، لەڕووی پێویسـتی بە ڕووبەری زەوی، وزەی کارەبا و ئاو ... هتد. زۆرێك لە خزمەتگوزارییەکان لە دووکان و مۆڵەکاندا پێشـکەش بە دانیشـتوان دەکرێن. بەشـێك لە خزمەتگوزارییەکان کە پێشـکەش دەکرێن، جیاوازن لە ڕووی جۆرەوە (وێنەی ٦. ا، ب، ج و د)، بەجۆرێك بەشـێك لە دووکانەکان شـتومەکی خۆراکی دەفرۆشـن، دووکانەکانی تەنیشـتیان بابەتی پۆشـاك و پێڵاو یان کەرەسـتەی جوانکاری ... هتد دەفرۆشـن. بوونی ئەم جیاوازییە لەگەڵ ئەوەی دەکرێت گرفتی تەندروستی لێبکەوێتەوە، لەهەمان کاتدا سەرچاوەیەکی سەرەکی پیشبوونی بینینە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا.

دووبارەبوونەوەی زۆری دیاردەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تایبەتمەند جیاواز بە تەنیشت یەکەوەلە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، وایکردووە پلەی شەشەمی هەبێت کە ١١٤ بەشداربوو کە دەکاتە ٣٨% کۆی بەشداربووان وەك هۆکارێك بۆ پیســـبوونی بینین ناســـاندوویانە. هەروەها ١٣٢ بەشـــداربوو پێیانوایە پیســـبوونی بینین بە پێشـــکەشـــکردنی خزمەتگوزاری تایبەتمەند جیاواز بە تەنیشـت یەکەوەلە ئاسـتێکی بەرزدایە، ١١١ بەشـداربوو ئاسـتێکی مامناوەند و ٥٧ بەشداربوو ئاستێکی نزمیان دیاریکردووە، کە دەکاتە ٤٤%، ٣٧% و ١٩% بۆ هەریەکە لە ئاستەکان بەدواییەکدا.



JZSB p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034




وێنەی ٦ : پیسبوون بەهۆی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تایبەتمەند جیاواز بە تەنیشت یەکەوە (کاری مەیدانی توێژەران لە ڕێکەوتی ٣٠/ ١١/ ٢٠١٩).

٥. ١. ٧. هۆکارەکانی گواستنەوە و پارککردنیان

هۆکارە جیاوازەکانی گواستنەوە بۆ جوڵەی مرۆڤ و گواستنەوەی کەلوپەلەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر بەکاردەهێنرێن. هۆکارەکانی گواستنەوە بەپێی جۆر و شوێنی بەکارهێنانیان دەکرێت ببنە سەرچاوەی پیسبوونی بینین بە پلەی جیاواز. ئوتۆمبێل هۆکاری گواستنەوەی باوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، زۆری ژمارە ئوتۆمبێل، قەرەباڵغی ناوچەکە، بەرتەسکی و یەك ئاڕاستەیی بەشێك لە شەقامەکانی ناوچەکە، نەبوونی گەراجی وەستانی ئوتۆمبێل بەپێی پێویست، هۆکارن بۆ پیسبوونی بینین بەهۆی ئوتۆمبێلەوە (وێنەی ٧. ب و ج). هەروەها پارککردنی ئوتۆمبێل لەلای ڕاستی شەقامەکانهۆی پیسبوونی بینین، بەتایبەت لەکاتی بوونی ژمارەیەکی زۆری ئوتۆمبێل و پارککردنیان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی (وێنەی ٧. ا). ماتۆڕ و عەرەبانەی دەستگێڕەکان بەشێکی دیکەن لە هۆکانی گواستنەوە کە دەبنە هۆی پیسبوونی بینین لە ناوچەکەدا (وێنەی ٧. د). دەستگێڕەکان لەلایەن شارەوانییەوەڕێگەپێدراون لە پاشنیوەڕۆ کاری فرۆشتنی شمەکەکانیان بکەن زیاتر لە ئێوارانلا دێنەناوچەکە، دەبنە هۆی کۆبونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کڕیار و بەرتەسککردنەوەی شەقام و سەرشۆستەکان و دروستکردنی ئاستەنگ و کەمکردنەوەی خێرایی ئوتۆمبێلەکان و پیادەڕۆکان، لەئەنجامدا سەرهەڵدانی قەرەباڵغی لێدەکەوێتەوە. بەپێی ئەنجامی ڕاپرسییەکەهۆکارەکانی گواستنەوە و پارککردنیان پلەی حەوتەمی گرتووە وەك هۆکارێك بۆ پیسبوونی بینین لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، ٩٣ بەشداربوو لە کۆی ٣٠٠ بەشداربوو بە هۆکارێك بۆ پیسبوونی بینینی دەزانن. هەروەها ١٤٧ بەشداربوو پێیانوایە پیسبوونی بینین بە هۆکارەکانی گواستنەوە و پارککردنیانلە ئاستێکی بەرزدایە، ١٠٨ بەشداربوو

ئاســتێکی مامناوەند و ٤٥ بەشــداربوو ئاســتێکی نزمیان دیاریکردووە، کە دەکاتە ٤٩%، ٣٦% و ١٥% بۆ هەریەکە لە ئاستەکان بەدواییەکدا.

٥.١.٨. بەکارهێنانی ڕووناکی زیاد لە پێویست

مرۆڤ لە کۆنەوە تا ئێستا سودی لە سەرچاوە جیاوازەکانی ڕووناکی بینیوە بە مەبەستی ڕووناککردنەوە، جا چ سروشتی بووبن یان دروستکراوی مرۆڤ خۆی. لە ئێستەدا ڕووناکی زیاد لە پێویست بەکاردەهێنرێت لە بواری بە بازاڕکردندا وەك تەکنیکێك بۆ زیاتر ڕاکێشانی سەرنجی کڕیار لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا (وێنەی ٨. ا و ب). لەگەڵ بەکارهێنانی ڕووناکی زیاد لە پێویست، سەرچاوەی ڕووناکی دەرەکان لە ڕووی قەبارە و ڕەنگەوە جیاوازن. بەکارهێنانی ڕووناکی زیاد لە پێویست دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕەنگی ئەو شتومەکەی خراوەتەڕوو،کڕیار جۆرێك لە هەڵە تێگەیستنی بۆ دروست دەبێت لە هەڵبژاردنی ڕەنگی ئەو بابەتەی هەڵیبژاردووە، ئەمەش دەکرێت وەك پیسبوونی بینین بەهۆی ڕووناکییەوە ئەژمار بکرێت.

بەکارهێنانی ڕووناکی زیاد لە پێویست لە بەشێك لە دووکان و مۆڵەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، وایکردووە پلەی هەشتەمی وەك کۆتا پلە هەبێت، ٧٥ بەشداربوو کە دەکاتە ٢٥% کۆی بەشداربووان وەك هۆکارێك بۆ پیسبوونی بینین ناساندوویانە. هەروەها ٩٠ بەشداربوو پێیانوایە پیسبوونی بینین بەهۆییەکارهێنانی ڕووناکی زیاد لە پێویستلە ئاستێکی بەرزدایە، ١١١ بەشداربوو ئاستێکی مامناوەند و ٩٩ بەشداربوو ئاستێکی نزمیان دیاریکردووە.

بەڕوانین لە ئەنجامی ڕاپرسییەکە و ڕیزبەندی سەرچاوە و هۆکارەکانی پیسبوونی بینین، تێبینی ئەوە دەکرێت کە بەشێکی زۆری بەشداربووان زانیاری کەمیان دەربارەی پیسبوونی بینین هەیە. بۆ نموونە لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا کە ئایا پێشترزانیاریتدەربارەیپیسبوونیبینینهەبووە، ١٦٢ بەشداربوو وەڵامیان بەڵێ و ١٣٨ دیکەیان وەڵامیان نەخێر بووە کە دەکاتە لە ٥٤% و ٤٦% بەشداربووان بەدواییەکدا. هەروەها کەمی هەڵبژاردنی سەرچاوە و هۆکارەکانی پیسبوونی بینینلە وەڵامی پرسیاری چوارەمی تەوەری یەکەمدا نموونەیەکی دیکەی کەمی زانیارییە دەربارەی بابەتەکە. ئەمە لەکاتێکدا لەکاتی وەڵامدانەوەی پرسیاری یەکەمی تەوەری دووەمدا لەڕێی بینینی وێنەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەشداربووان ئاستی بەشداری هەریەکە لە سەرچاوە و جۆرەکانی پیسبوونی بینینیان دیاریکردووە، بەجۆرێك بەنزیکەینیوەی بەشداربووان لە کۆی هۆکارەکاندا ئاستی بەرزیان دیاریکردووە بەتێکڕا.




وێنەی ٧ : پیسبوون بەهۆی هۆکارەکانی گواستنەوە و پارککردنیان (کاری مەیدانی توێژەران لە ڕێکەوتی ٢/ ١١/ ٢٠١٩).




وێنەی ٨ : پیسبوون بەهۆی بەکارهێنانی ڕووناکی زیاد لە پێویست (کاری مەیدانی توێژەران لە ڕێکەوتی ٢/ ١١/ ٢٠١٩).

٥.٢. کاریگەری پیسبوونی بینین لەسەر مرۆڤ

پیسبوونی بینین کاریگەری لەسەر سەرجەم پێداویستییە مادیی و مرۆییەکانی مرۆڤ هەیە، پێداویستییەمادییەکان خۆی دەبینێتەوە لە ژینگەی بیناسازی گونجاو، بەشێوەیەك پاراستن و حەوانەوەی تێدا دەستەبەربێت بەجۆرێك بگونجێت لەگەڵ شێوازی باوی سەردەم، پێداویستییە مرۆییەکانیش ئاستی گونجانی ژیانی

کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونی دەگرێتەوە[11]. پیسبوونی بینین دەبێتە هۆی لەدەستدانی هەستکردن بە جوانییەکانی ژینگەی دەوروبەر و ڕازیبوون بە وێنە نەشیاوەکانی دەوروبەر، ئەمەش چەندین کێشەی دەروونی و جەستەی دروست دەکات، وەك دڵەڕاوکێ و هەڵچوونی زۆر، هەڵسوکەوتی نەشیاو و فشاری دەروونی، لەگەڵ زیادبوونی نەخۆشییە جەستەییەکانی وەك بەرزبونەوەی فشاری خوێن و لێدانی دڵ و شەکرە و کۆڵۆن و هەناسە توندی. هەندێ لە پزیشکە پسپۆڕەکان ئەو هەڵچونەی لەئەنجامی کاریگەرییە نەرێنییەکانی بینین دروست دەبێت، دەیگەڕێنەوە بۆ دەردانی زیادەی مادەی ئەدریالین، هەروەها چاو کاتێك وێنە نەرێنییەکان بۆ مێشك دەنێرێت دەبێتە هۆی زیادبوونی دەردانی ترشێتی گەدە دواتر دروستبوونی برینی گەدە، بەڵام بە پێچەوانەوە بینینی ئەرێنی لەئەنجامی هەستکردن بە جوانی دەرووبەر دەبێتە هۆی زیادبوونی مادەی کورتیزون لە لەشدا، کە ئەمیش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هەستکردن بە ئازاری لەش و ماسولکەکان بە تایبەت بۆ ئەوانەی دوچاری نەخۆشی ڕۆماتیزم بوون[12].

ڕەنگەکان کاریگەرییان لەسەر لایەنی دەرونی مرۆڤ هەیە، بەگشتیڕەنگی شین و سەوز ڕەنگێکی ئارامکەرەوەن،بەڵام ڕەنگەکانیسور و پرتەقالی هەستکردن بە دڵەڕاوکێ و هەڵچوون زیاد دەکەن، بە تایبەت کاتێك مرۆڤ بۆ ماوەیەکی زۆر و بەبەردەوامی تەماشای ڕەنگی سور بکات یان هەر دیمەنێکی تری نائارام و کێشەی دەروونی بۆ دروست دەبێت[13]. بەردەوامبوونی پیسبوونی بینین بەشێوەیەکی پلەپلەیی دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ نەتوانێت گۆرانکاری دروست بکات لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ ئەو وێنانەی لەڕووی کاتەوە سەردەمێك دەبێت ڕەتکراونەتەوە[14]. هەروەهاتابلۆکان و ڕیکلام بەگشتی هۆکارن بۆ دروستبوونی هەستیاری چاو. بوونی ژینگەیەکی بینینی تەندروست، هۆکارە بۆ ڕەخساندنی هەلی ژیانێکی باش بۆ ئەو کەسانەی لەو ژینگەیەدا دەژین و کاردەکەن[15]. واتە پیسبوونی بینین هۆکارە بۆ سەرهەڵدانی گرفتی تەندروستی جیاواز، پلەی کاریگەری کەسە توشبووەکە پەیوەستە بە پلەی پیسبوونی ژینگەکە و ماوەی مانەوەی کەسەکە لە ژینگە پیسبووەکەدا.

بەپێی ئەنجامی ڕاپرسییەکە، ١٧٤ بەشداربوو کە دەکاتە ٥٨ % بەشداربووان هەستیان بە گرفتی دەروونی وەک دڵەڕاوکێ و هەڵچوونی زۆر کردووە لە ئەنجامی پیسبوونی بینینەوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، ١٢٩ بەشداربوو کە دەکاتە٤٣% بەشداربووان هەستیان بە گرفتی جەستەیی وەک بەرزبونەوەی فشاری خوێن و لێدانی دڵ و شەکرە، کۆڵۆن و هەناسەتوندی کردووە، ٣٠ لە بەشداربووان کە دەکاتە ١٠% بەشداربووان، هەستیان بە هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی پیسبوونی بینین نەکردووە.

بوونی سەرچاوەی جیاواز هۆکاربوون بۆ بوونی زیاد لە جۆرێکی پیسبوونی بینین لە سەنتەری بازاڕی شاری سلێمانی هاوشێوەی شار و ناوچەکانی دیکەی جیهان. بوونی تابلۆ و نوسینی سەر دیوار بە شێوە، بەرزی، قەبارە و نوسین و ڕەنگی جیاواز و بێ پلانی و ناڕێکخراوی لە هەڵواسینیاندا، یەکێکە لە هۆکارە باوەکانی پیسبوونی بینین لە

---

١١.(أحمد جميل شامية، دراسة تحليلية للتلوث البصري فى مدينة غزة-حالة دراسية لمنطقة الجندى المجهول بغزة، مصدر سابق، ص١٠٠).

١٢.( مجدى محمد قاسم، تأثير التلوث البصري على الطابع المعماري دراسة حالة منطقة روكسى بمصر الجديدة،مجلة الازهر، عدد ٣٩، نيسان٢٠١٦، ص٣).

١٣.( مريم خيرالله خلف، التلوث البصري في مدينة الزبير، مجلة الخليج العربي، عدد ٣، ٢٠١٨، ص١٥٠ ).

١٤. (ريم زاهر عباس مدني، أثر التلوث البصري في تشويه جمال المدن، رسالة ماجستير، جامعة سودان، ٢٠١٥،ص١٥ ).

15.(Gokhale, V., MayuriRaichur, and IshaRowtu."Examining Impact of Visual Pollution on City Environment: Case Study of Pune, India." *Spandrel J. Sch. Plan. Archit. Bhopal* 1,(10), 2011, 6).

ناوچەی لێكۆڵینەوە. هۆكارەكانی ڕیكلام وەك تابلۆ و هێماكان سەرچاوەی سەرەكی پیسبوونی بینین لە شاری بهاراتپور[١٦]،شاری نیش[١٧]و ناوچەی بازرگانی شاری كوت. بینای كۆن و بینای تەواونەكراو و بوونی دیزاین و ڕووكاری جیاوازی وەك بەرد و كاشی، ئەلیكۆبۆن ... هتد و ڕەنگی جیاواز، سەرچاوەیەكی دیكەی پیسبوونی بینین لە ناوچەكە وناوچەی بازرگانی شاری كوت[١٨]شاری نیش[١٩]، بەشی كۆنی شاری موسڵ[٢٠] و شاری تەرابزۆن[٢١]. هۆكارەكانی دیكەی وەك خۆڵ و خاشاك، وایەر و كێبڵی كارەبا، موادی فڕێدراو، ناڕێكخراوی لە پارككردنی هۆیەكانی گواستنەوە، پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری تایبەتمەند جیاواز بە تەنیشت یەكەوە و بەكارهێنانی ڕووناكی زیاد لە پێویست لە سەرچاوەكانی دیكەی پیسبوونن لە سەنتەری بازاڕی شاری سلێمانی و شاری بهاراتپور٢٢ لە شار و ناوچەكانی دیكەی جیهان. پیسبوونی بینین لە شاری تاران بۆتە هۆی سەرهەڵدانی كێشەی تەندروستی وەك كێشەی جەستەیی، قەلەقی و دڵەڕاوكێ، بێخەوی و خەمۆكی. ئەوە خراوەتەڕوو بە زیادبوونی پلەی پیسبوونی بینین، كاریگەرییە نەرێنییەكانی زیاتر دەبن و گرفتەكان زیاد دەكەن[٢٣].

### ٦. دەرئەنجام و پێشنیار

#### ٦. ١. دەرئەنجام

سەرچاوە و جۆرەكانی پیسبوونی بینین لە بازاڕی سەنتەری شاری سلێمانی جیاوازن. لە توێژینەوەكەدا ئەم دەرئەنجامانە بەدەستهاتوون:

ا. ٥٤% بەشداربووان زانیارییان دەربارەی پیسبوونی بینین هەیە، لە بەرامبەردا ٤٦% زانیارییان دەربارەی پیسبوونی بینین نییە.

ب. بەبۆچوونی بەشدارانی ڕاپرسییەكە پلەی كاریگەری سەرچاوە و جۆرەكانی پیسبوونی بینین لە بازاڕی سەنتەری شاری سلێمانی بەڕیزبەندی بەم شێوەیە بووە: خۆڵ و خاشاك بە پلەی یەكەم دێت، وەک هۆكارێكی سەرەكی پیسبوونی بینین بە ڕێژەی١٠٠%، تابلۆ و نوسینی سەر دیوارەكان پلەی دووەمی گرتووە بە ڕێژەی ٧١%، وایەر و كێبڵی كارەبا و بورجی مۆبایل، ٦٢%، ئامێرە هەڵواسراوەكانی ڕووكاری بیناكان، ٤٢%، بینا كۆن و تەواونەكراوەكان و دیزاین

---

16 .(Khanal, Kamal Krishna. "Visual Pollution And Eco-Dystopia: A Study Of Billboards And Signs In Bharatpur Metropolitan City." Research Journal of English Language and Literature, 6 (1), 2018,207).

17.(Cvetković, Mila, and A. Momčilović-Petronijević. "Visual Pollution Of The Historical City Core–A Case Study, The City Of Niš." In *Conference Proceedings, 6th International Conference–Contemporary Achievements in Civil Engineering, Subotica, Serbia*. 2018,495).

١٨. (صبيح لفته فرحان الزبيدي، التلوث البصري في المشهد الحضري التجاري تحليل بصري لمحاور منتخبة في مدينة الكوت،مصدر سابق، ص١).

19.(Cvetković, Mila, and A. Momčilović-Petronijević. Visual Pollution Of The Historical City Core–A Case Study, The City Of Niš." p.495).

20.(Kadir, Jangy Jalal. "Deformation and visual pollution in the commercial streets of the old city of Mosul." *Eurasian Journal of Science & Engineering* 3(1), 2017, p.44).

21.(Yilmaz, Demet, and Ayse Sagsöz. "In the context of visual pollution: effects to trabzon city center Silhoutte." *Asian Social Science* 7(5), 2011, p. 98).

22.(Khanal, Kamal Krishna. "Visual Pollution And Eco-Dystopia: A Study Of Billboards And Signs In Bharatpur Metropolitan City." Research Journal of English Language and Literature, 6 (1), 2018, p.207).

23. (Sarab, F, K, Zaeimdar, M., Rafati, M., 2019. Investigation of the relation between visual pollution and citizenry health in the city of Tehran (case study: municipality districts No. 1 & 12 of Tehran). Anthropogenic Pollution Journal, 3(1), pp.1).

و ڕووکار جیاوازەکان، ٤١%، دیاردەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تایبەتمەند جیاواز بە تەنیشت یەکەوە ٣٨%، هۆکارەکانی گواستنەوە و پارککردنیان ٣١%، بەکارهێنانی ڕووناکی زیاد لە پێویست ٢٥% .

ج. لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی پیسبوونی بینین لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، هەستکردنە بە کێشەی دەروونی وەك دڵەڕاوکێ و هەڵچوون و فشاری دەروونی لای بەشداربووان بە ڕێژەی ٥٨%، لەگەڵ زیادبوونی نەخۆشییە جەستەییەکانی وەك بەرزبونەوەی فشاری خوێن، لێدانی دڵ، شەکرە، کۆلۆن، هەناسە توندی لای ٤٣%ی بەشداربووان، لەگەڵ ئەوەی ١٠% بەشداربووان پێیان وابووە کە کاریگەری نیە.

٦.٢. پێشنیار

ا. کۆکردنەوە و چارەسەرکردنی خۆڵ و خاشاك موادی فڕێدراوی شارەکان بەشێوەیەکی زانستی.

ب. چارەسەرکردنی جۆرە جیاوازەکانی پیسبوونی بینین لەڕێی دانانی یاسا و ڕێنمای پەیوەست بە بوارە جیاوازەکانی ڕیکلام و ڕێکخستنی ڕێگاوبانەکان و چاککردنەوەی بەشە گۆڕاوەکان و دووبارە بنیاتنانەوەی ڕووکاری بیناکان.

ج. زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکان و بەرنامەی خوێندن.

**سەرچاوەکان:**

**أ.عەرەبیەکان:**

١- خلف، مريم خيرالله ، التلوث البصري في مدينة الزبير، مجلة الخليج العربي، عدد ٣، ٢٠١٨.

٢- الزبيدي،صبيح لفته فرحان ،التلوث البصري في المشهد الحضري التجاري تحليل بصري لمحاور منتخبة في مدينة الكوت، مجلة واسط للعلوم الهندسية ٤،عدد ١،٢٠١٦.

٣- شامية، أحمد جميل ،دراسة تحليلية للتلوث البصري فى مدينة غزة-حالة دراسية لمنطقة الجندى المجهول بغزة، رسالة ماجستير، هندسة المعمارية، الجامعة الاسلامية الغزة، ٢٠١٣.

٤- قاسم، مجدى محمد ،تأثير التلوث البصري على الطابع المعماري دراسة حالة منطقة روكسى بمصر الجديدة،مجلة الازهر، عدد ٣٩، نيسان٢٠١٦.

٥- مدني،ريم زاهر عباس، أثر التلوث البصري في تشويه جمال المدن، رسالة ماجستير، جامعة سودان، ٢٠١٥.

٦- لیندة،فريحة، دراسة السوق، الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جامعة ٠٨ ماي ١٩٤٥ ـ قالمة ،كلية العلوم الاقتصادية و التجارية و علوم التسيير، قسم العلوم التجارية، ٢٠١٥.

**ب-ئینگلیزییەکان:**

1- Allahyari, Hadis, SaeedehNasehi, EsmailSalehi, and LobatZebardast."Evaluation of visual pollution in urban squares, using SWOT, AHP, and QSPM techniques (Case study: Tehran squares of Enghelab and Vanak)." Pollution 3, no. 4, 2017.

2- Cvetković, Mila, And A. Momčilović-Petronijević."Visual Pollution of the Historical City Core – a Case Study, the City Of Niš."In Conference Proceedings, 6th International Conference– Contemporary Achievements In Civil Engineering, Subotica, Serbia, 2018.

3- Gokhale, V., MayuriRaichur, and IshaRowtu."Examining Impact of Visual Pollution on City Environment: Case Study of Pune, India." Spandrel J. Sch. Plan.Archit. Bhopal 1, (10), 2011.

4- Jana, Milan Kumar, and Tanaya De. "Visual pollution can have a deep degrading effect on urban and suburban community: a study in few places of bengal, India, with special reference to unorganized billboards." European Scientific Journal, 2015.

5- Kadir, Jangy Jalal."Deformation and visual pollution in the commercial streets of the old city of Mosul." Eurasian Journal of Science & Engineering 3, (1), 2017.

6- Khanal, Kamal Krishna. "Visual Pollution And Eco-Dystopia: A Study Of Billboards And Signs In Bharatpur Metropolitan City." Research Journal of English Language and Literature, 6 (1), 2018.

7- Kharate, Sunita, and Sudeepta Banerjee."A Study of Visual pollution and Its Effect on Mental Health." Innovation in IT 3, (1), 2016.

8- Nagle, John Copeland."The idea of pollution." UC Davis L. Rev. 43, 2009.

9- Nami, Parisa, ParvinJahanbakhsh, and ArefeFathalipour. "The Role and Heterogeneity of Visual Pollution on the Quality of Urban Landscape Using GIS; Case Study: Historical Garden in City of Maraqeh." Open Journal of Geology 6,(1), 2016.

10- Sagvan Ageed.,NajmadinE.Hassan and SalihF.Ismael. 'Repercussion of Visual Pollution and its Effects on Some People in Duhok Governorate/Iraq', International Journal of Current Advanced Research, 8(1), 2019.

11- Sarab, F, K, Zaeimdar, M., Rafati, M., 2019. Investigation of the relation between visual pollution and citizenry health in the city of Tehran (case study: municipality districts No. 1 & 12 of Tehran). Anthropogenic Pollution Journal, 3(1), pp.1-10. DOI: http://dx.doi.org/10.24327/ijcar.2019. 16921.3147

12- Wakil, Khydija, Malik AsgharNaeem, Ghulam Abbas Anjum, Abdul Waheed, Muhammad JamaluddinThaheem, and Raheel Nawaz. "A Hybrid Tool for Visual Pollution Assessment in Urban Environments." Sustainability 11 (8), 2019.

13- Yilmaz, Demet, and AyseSagsöz. "In the context of visual pollution: effects to trabzon city center Silhoutte." Asian Social Science 7 (7), 2011.

## پاشکۆی(١) فۆرمی ڕاپرسی و ئەنجامی بەدەستهاتووی ڕاپرسییەکە

**تەوەری یەکەم: زانیاری دەربارەی پیسبوونی بینین**

| | | هەڵبژاردە | ژ.بەشداربووان | % | هەڵبژاردە | ژ.بەشداربووان | % | کۆی بەشداربووان | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پ١ | پێشتر زانیاریت دەربارەی پیسبوونی بینین هەبووە؟ | بەڵێ | ١٦٢ | ٥٤ | نەخێر | ١٣٨ | ٤٦ | ٣٠٠ | ١٠٠ |
| پ٢ | پێت وایە جۆرێك لە پیسبوون بەناوی پیسبوونی بینین هەیە؟ | بەڵێ | ٢٧٩ | ٩٣ | نەخێر | ٢١ | ٧ | ٣٠٠ | ١٠٠ |
| پ٣ | پێت وایە ژینگەی دەوروبەرت پیسبوونی بینینی تێدا هەیە؟ | بەڵێ | ٢٨٨ | ٩٦ | نەخێر | ١٢ | ٤ | ٣٠٠ | ١٠٠ |

| | | ژمارەی دووبارەبوونەوەی هەڵبژێراو لەلایەن بەشداربووان | % | کۆی بەشداربووان | % |
|---|---|---|---|---|---|
| پ٤ | لەم هۆکارانەی خوارەوە بە سەرچاوەی پیسبوونی بینین دەزانیت؟ (دەکرێت زیاد لە هۆکارێك هەڵبژێریت)؟ | | | | |
| | خۆڵ و خاشاك | ٣٠٠ | ١٠٠ | ٣٠٠ | ١٠٠ |
| | تابلۆ و نووسینی سەر دیوارەکان و تابلۆی شوێنە بازرگانیەکان و هێماکانی هاتوچۆ | ٢١٣ | ٧١ | ٣٠٠ | ١٠٠ |
| | وایەر و کێبڵی کارەبا و بورجی مۆبایل | ١٨٦ | ٦٢ | ٣٠٠ | ١٠٠ |
| | ئامێری هەڵواسراوی رووکاری بیناکانی وەك سەتەلایت، ئالیەری تەلەفیزیۆن و سپلیت | ١٢٦ | ٤٢ | ٣٠٠ | ١٠٠ |
| | بینای کۆن و بینای تەواونەکراو و دیزاین و رووکاری جیاواز | ١٢٣ | ٤١ | ٣٠٠ | ١٠٠ |
| | پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تایبەتمەند جیاواز بە تەنیشت یەکەوە | ١١٤ | ٣٨ | ٣٠٠ | ١٠٠ |
| | هۆکارەکانی گواستنەوە و پارککردنیان | ٩٣ | ٣١ | ٣٠٠ | ١٠٠ |
| | بەکارهێنانی رووناکی زیاد لە پێویست | ٧٥ | ٢٥ | ٣٠٠ | ١٠٠ |
| پ٥ | ئەگەریە نەرێنیانەی پیسبوونی بینین هەستت بە کامیان کردووە؟ (دەتوانیت سێیەمت هەڵبژارد ناتوانی ئەوانی دیکە هەڵبژێریت)؟ | ژمارەی دووبارەبوونەوەی هەڵبژێراو لەلایەن بەشداربووان | % | کۆی بەشداربووان | % |
| | کێشەی دەروونی وەك دڵەڕاوکێ و هەڵچوونی زۆر، هەڵسوکەوتی نەشیاو و فشاری دەروونی | ١٧٤ | ٥٨ | ٣٠٠ | ١٠٠ |
| | نەخۆشیە جەستەییەکانی وەك بەرزبونەوەی فشاری خوێن و لێدانی دڵ، شەکرە، کۆلۆن و هەناسە تونی | ١٢٩ | ٤٣ | ٣٠٠ | ١٠٠ |
| | کاریگەری نەبووە | ٣٠ | ١٠ | ٣٠٠ | ١٠٠ |

**تەوەری دووەم: هەڵسەنگاندنی پیسبوونی بینین لە سەنتەری شاری سلێمانی**

| | | ئاست | ژ.بەشداربووان | % | ئاست | ژ.بەشداربووان | % | ئاست | ژ.بەشداربووان | % | کۆی بەشداربووان | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پ١ | پێتوایە ئەم وێنانەی خوارەوە سەرچاوەی پیسبوونی بینینن؟ بە دەوری ئەو وەڵامەدا بکێشە کە هەڵیدەبژێریت. | ژمارەی دووبارەبوونەوەی هەڵبژێراو لەلایەن بەشداربووان | | | | | | | | | | |
| | خۆڵ و خاشاك | بەرز | ٢٧٠ | ٩٠ | مامناوەند | ٢١ | ٧ | نزم | ٩ | ٣ | ٣٠٠ | ١٠٠ |
| | تابلۆ و نووسینی سەر دیوارەکان و تابلۆی شوێنە بازرگانیەکان و هێماکانی هاتوچۆ | بەرز | ١٩٢ | ٦٤ | مامناوەند | ٨١ | ٢٧ | نزم | ٢٧ | ٩ | ٣٠٠ | ١٠٠ |
| | وایەر و کێبڵی کارەبا و بورجی مۆبایل | بەرز | ٢٢٨ | ٧٦ | مامناوەند | ٦٣ | ٢١ | نزم | ٩ | ٣ | ٣٠٠ | ١٠٠ |
| | ئامێری هەڵواسراوی رووکاری بیناکانی وەك سەتەلایت، ئالیەری تەلەفیزیۆن و سپلیت | بەرز | ٢٤٣ | ٨١ | مامناوەند | ٥١ | ١٧ | نزم | ٦ | ٢ | ٣٠٠ | ١٠٠ |
| | بینای کۆن و بینای تەواونەکراو و دیزاین و رووکاری جیاواز | بەرز | ١٦٨ | ٥٦ | مامناوەند | ٩٧ | ٣٢ | نزم | ٣٥ | ١٢ | ٣٠٠ | ١٠٠ |
| | پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تایبەتمەند جیاواز بە تەنیشت یەکەوە | بەرز | ١٣٢ | ٤٤ | مامناوەند | ١١١ | ٣٧ | نزم | ٥٧ | ١٩ | ٣٠٠ | ١٠٠ |
| | هۆکارەکانی گواستنەوە و پارککردنیان | بەرز | ١٤٧ | ٤٩ | مامناوەند | ١٠٨ | ٣٦ | نزم | ٤٥ | ١٥ | ٣٠٠ | ١٠٠ |
| | بەکارهێنانی رووناکی زیاد لە پێویست | بەرز | ٩٠ | ٣٠ | مامناوەند | ١١١ | ٣٧ | نزم | ٩٩ | ٣٣ | ٣٠٠ | ١٠٠ |

تێبینی: تەوەری یەکەم و پرسیاری یەکەمی تەوەری دووەم دوای تەواوبوونی راپرسیەکە بەپێی ئەنجامی راپرسیەکە ریزبەندییان بۆکراوە، واتە پێشتر ئەو ریزبەندییەیان نەبووە

سەرچاوە: کاری توێژەران لە بەرواری(١٣-٢ بۆ ١-٣-٢٠٢٠).